

# پەژاک دەیەوێت ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسان ئەنفال بکرێتەوە

**ئاسۆ بیارەیی/25-8- 2007 ڕەخنە**

کەس نکوڵی لەوە ناکات کە کوردستان نیشتمانێکی داگیرکراوە و ڕۆژانە دووچاوری سڕینەوە دەبێت. ئەزمونی خەباتی چەکداری چەندساڵەی هەموو پارچەکانی کوردستان ئەوەی سەلماندووە کە کورد وەکو نەتەوەو و خاک چەند زیانی پێ گەیشتووە. هەر لە شۆرشی سەعید پیرانەوە تاکو دوا شۆڕشی باشووری کوردستان، کە گەورەترین ئاشبەتاڵ بەخۆیەوە بینی و زیاتر لە 180 هەزار کوردی سیڤلیش ئەنفالکرا. سەیر لەوەدایە، نە بزوتنەوەی باکور، ئەمڕۆش ڕۆژهەڵاتی کورستان، بە ڕابەری پکک و پەژاک، بەشێوەیەکی زانستی خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیان نیە بۆ شۆڕش، بەڵکو درێژە بە هەمان هەڵەی مێژوویی بنەماڵەیی کوردی باشوور دەدەن و بە هەزارەها لاو بەکوشت دەدەن ، سەرباری وێرانکردنی دیهات و شارۆچکەی دی.

پێم سەیرە، کە پەژاک تەنها لە ناو ماڵی کورددا شەڕ دەکات و ناتوانێت جەنگ بخاتە ناو شارەکانی تری ئێرانەوە. پێم سەیرە کە تەنها کوردە جۆش شەڕی هەیە و گەلانی دیکەی ئێران، وەکو ئازەری، عەرەب، فارس و بەلوج خۆیان دوورە پەرێز گرتووە و نا خوازان ببنە چەکی دەستی دووژمنانی ئێران. ئامادەیی هەمیشە کورد، وەکو گەلێک بۆ شەڕ، ئەوە دەخاتە ڕو کە کورد چەند گەلێکی پاشکەوتوو و ناخویندەوارە لە گەمەی سیاسیدا. ئاخر چل ساڵە ئەزمونی جەنگەکانی بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانی، کە باشووری کوردستانی پێوە سوتا، باشترین سەلمێنەرە.
ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ماوەی 15 ساڵە ئاوەدانێکی بە خۆیەوە دیووە، بۆچی تێک بچێت؟ ئایا لە شاری پاوە و باشتر ڕژێمی ئاخودندی ئێران دەڕوخێت یان تاران؟. ئایا لە ئەنقەرە شەڕبکرێت یان ماردین؟. داگیرکەر گوێ بە کامیان دەدات؟ ئەی نابێت فارسێک، عەرەبێک و تۆرانیەکێش هەست بەو ماڵوێرانیە بکات!. حەماس تاکو شەڕی نەبردە ناو ئیسرائیل، جولەکەکان داوای ئاشتیان نەکرد. تاکو شەڕیش نەچێتە ماڵی داگیرکەرانی کوردستان، ئەو نەتەوە سەردەستانە کورد بە هیچ دانانێن.

کەواتە پەژاک بە کوشتنی چەند پاسدارێک فارس و جاشێک کورد و ڕوخاندی چەند مۆڵگەیە باشترین بەڵگە دەداتە دەست لەشکرەکەی شاعەباسی ئاخوندانەوە کە کورد ئەنفال بکات. هەر وەکو چۆن تاڵەبانی سوپای پاسداری عەجەمانی بۆ کەرکوک هێنا و لە تۆڵەدا بە سەدەها دیهات و ئاوایی، بە دەستی عەرەبان ویران و ئەنفالکرا. نموونەیەکی تر: بەشداری ڕاستەوخۆی پارتی لە گەڵ هەمان سوپای ئاخوناندا ساڵی 1983 بۆ گرتنی حاجی هۆمەران، کە لە تۆڵەی هەشت هەزار پیاوی بارزانی بێ گوناح ئەنفالکران. نزیکترین نموونە، بە شداریکردنی میلیشیاکانی پدک، ینک، حسک، ئیسلامی و مەجلسی ئەعلی بۆ شەهیدکردنی شاری هەڵەبجە، کە لەماوەیەکی کورتدا هەزارەهای خەڵکی ئەو شارە کیمیا باران کران. ئەنجامەکەش ئەوە بوو کە سەرکردەکان، باشووری کوردستانیان لە شەو و ڕۆژێکدا بە تەواوەتی کرد بە بەشێک لە خاکی عروبە. دەترسم سەرکردەکانی پەژاکیش لە دواڕۆژدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن بە ڕۆژئاوایی ئێران، وەکو شیمالی عێراق، هەرەوکو چۆن ئۆجەلان بە ئەتاتورکی ووت شۆڕشگێڕ.

**بۆیە پێویستە پەژاک بە خۆیدا بچێتەوە، گەلی کورد تووشی ئەنفالێکی تر نەکات و خۆی نەکاتە گۆچانی ئەمریکا و ئیسرائیل کە بازرگانی بە خوێنی گەلانەوە دەکەن!**

---

**تێبینی/ بۆ ئەوەی ناوی پێشمەرگە لەکەدار نەبێت، بە کارهێنانی میلیشیا یان چەکدار بە ڕاسترین ووشە دەزانم. چونکە ئەوەی نیشتمانپەروەر بێت و سەرفرازی نەتەوەکەی خۆی بخوازێت، پێش سوپای داگیرکەران ناکەوێت. ئەو کارە تەنها لە میلیشایی خۆفرۆش و جاش ئەوەشێتەوە.**